Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

# خولی تایبەت بە کۆمەڵگای فینلاندی

## ڕێسایاساییەکانی فینلاند



# مافەکان و ئەرکەکان لەفینلاندەدا

لەفینلاندەدا تێکڕای مرۆڤەکان یەکسانن. تێکڕای ئەو مرۆڤانەی لەفینلاندەدا دەژین یان ماونەتەوە مافیان هەیە بەڵام هەروەها ئەرکیشیان هەیە. مامەڵەی باش لەبەرامبەر کەسانی دیکەدا لەهەموان دەخوازرێت.

کەسانێک کە لەفینلاندەدا دەژین چ فینلاندیی وە چ بیانیش مافییان هەیە بەیەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. تێکڕای هەرجۆرە گۆشەگیرکردنێک یان بێزارکردنێک کەڕووبەڕووی کەس بکرێتەوە قەدەغەیە. گۆشەگیرکردن بەبێ لەپێشچاووگرتنی تەمەنی کەسەکە، ڕەگوڕیشەی، نەتەوەی، زمانی، ئایین یاخود باوەڕی، بیروڕاوی، چالاکی سیاسیی یاخود یەکێتی پیشەیی، پەیوەندی خێزانی،ئیفلیجی، باری تەندروستی، ئاراستەی سێکشواڵی یاخود هەر هۆکارێکی دیکەی تایبەت پەیوەست بەکەسەکەوە قەدەغەیە.

هەروەها لەنێو کۆمەڵگاکەماندا ئەرکیش هەن، کە دەبێت هەرکەسێک کە لەکۆمەڵگاکەدا دەژی یان دەمێنێتەوە جێبەجێیان بکات. لەفینلاندەدا بۆ نموونە نابێت، کە:

- شکۆی مرۆڤی دیکە بەکردار یان بەدەربڕین بشکێندرێت،
- منداڵ یان گەورەساڵ بەدەربڕین، بەکردار، بەلێدان یاخود لەباری سێکشواڵییەوە ئازار بدرێن،
- هیچ کەسێک خراپ مامەڵەی بەرامبەر بکرێت یاخود
- لەرێگەی هەڕەشەکردنەوە فشار لەکەسانی دیکە بکات.

**یاسای فینلاندی لەهەندێک بەشیدا جیاوازە وەک لەیاسای وولاتانی دیکە. بۆیەش گرنگە، کە بەووردی ئاشنایەتی لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی فینلاندەدا بکەیت و زانیاری دروست بەدەست بهێنیت. لەم دەقەوە زانیاری لەبارەی ئەو بابەتانەی خوارەوە بەدەست دەهێنیت:**

- **مافەکان و ئەرکەکان**
- **یاسای تاوانی فینلاند**
- **لەکوێوە یارمەتی بەدەست بهێنیت، کاتێک دەبیتە قوربانی تاوانێک.**

**بێجگەلەوەش ڕێنوێنی بەدەست دەهێنیت سەبارەت بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ئەلیکترۆنی پەیوەست بە خولەکەوە.**



## زامنی ماف

هەرکەسێک کە لەفینلاندەدا دەژیی مافی خۆیەتی کە لەدادگادا یاخود لەفەرمانگەکانی دیکەدا بابەتەکەی بابەتیانە تاووتوێیکرێت. کەسانی بێدەرامەت مافی بەدەستهێنانی بێ بەرابەری کۆمەکی یاساییان هەیە.

هەمیشە لەلای دەستەڵاتەکانی دیکە دەرفەتی تانەدان لەکاری فەرمانگەکان هەیە، ئەگەر هەستبکرێت کە خراپ مامەڵەکراوە لەبەرامبەردا . دادگاکان لێکدانەوە بۆ تانەکەن بەپێی مادەیاساییەکان دەکەن.

دەتواندرێت تانە لەبەرامبەر کاری کارمەندانی ناوەندی پێشوازیدا یاخود خزمەتگوزارییەکانی ناوەندی پێشوازیدا بدرێت و ڕەوانەبکرێت بۆ بەرپرسی ناوەندەکە یاخود بۆ یەکەی پێشوازی سەربە فەرمانگەی کۆچ لەڕێگەی ئەو ناونیشانەوە:
migri@migri.fi

## یاسای تاوانی فینلاند دەگونجێندرێت لەبەرامبەر تاوانێکدا کە لەفینلاندەدا ئەنجامدراوە.

یاسای تاوان سزا لەبەرامبەر ئەو کردانەدا کە مایەی سزادانن هەروەها شێواز و ماوەی خایاندنیشیان دیاریدەکات. دادگاییکردن جۆراوجۆرن، بۆ نموونە سزای غەرامەکردن، خزمەتی کۆمەڵایەتی، زیندانیکردنی مەرجدار وزیندانیکردنی بێمەرج. بێجگەلە سزادان دەتواندرێت کە دادگایی بکرێت بە قەرەبووکردنەوەی زیانەکان.

بەشێکی هەرەزۆری تاوانەکان وەک دەوترێت لەژێر لێپرسینەوەی فەرمیدان واتە پۆلیس دەتوانێت لێیبکۆڵێتەوە و داواکاریش تاوانباربوون لەبەرامبەر کردەکەدا بخاتەڕوو، هەرچەندە کە قوربانیی تاوانەکە داوای سزادانیش لەبارەی بابەتەکەوە نەخاتەڕوو. بۆ نموونە لەتوندوتیژی نێوخۆی خێزاندا لەبەرامبەر بکەری توندوتیژییەکەدا دەتواندرێت سکاڵا بەرزبکرێتەوە، هەرچەندە کە قوربانیی واتە کەسێک کە توندوتیژیەکەی ئاراستەکراوە نەخوازێت.

## تاوان شایەنی ئەنجامدان نیە!

لەفینلاندەدا هەرکەسێک ئەرکدارە پۆلیس ئاگاداربکاتەوە، ئەگەر بزانێت کەسێک پلانی تاوانێکی جیدی دادەڕێژێت. هەروەها سەرپێچیکردن واتە بەجێ هێشتنی بابەتێک بەئەنجام نەدراوی یاخود هاندانی ئەنجامدانی تاوان دەشێت ببێتە تاوان.

ئەرکی ئاگاداکردنەوە لەتاوان، تاوانە جیدییەکان دەگرێتەوە، بۆ نموونە وەک کوشتن، دەستدرێژی زاییندەیی، کردەی لێدان، تاڵانی یاخود تاوانێک کە بەمەبەستی تیرۆریستی ئەنجامدراوە. هاندەری تاوان لەسەر هەمان بنەمای دادگاییکردنی بکەر دادگایی دەکرێت.

تاوانەکان دەکرێت کاریگەریان هەبێت لەسەر مۆڵەتی مانەوە. مۆڵەتی مانەوە دەکرێت بەپەسەندنەکراوی بهێڵدرێتەوە یاخود هەڵبوەشێندرێتەوە، ئەگەر وەها لێی بڕواندرێت کە کەسی بیانی ڕێکخراوەیی یان پارێزراوی گشتی دەخاتە مەترسییەوە.

## تاوانی ئەنجامدراو لەلایەن منداڵ و لاوەوە

منداڵی خوار تەمەنی ١٥ساڵی لەفینلاندەدا بەرپرسیارێتی یاسایی تاوانیان لەئەستۆ نیە، بەڵام لەبەرامبەر خستنەوەی زیاندا بەرپرسیارێتی قەرەبووکردنەوەی لەئەستۆیە. بۆ نموونە لێدان لەکەسێکی دیکە، دزینی سەروەتی کەسێکی دیکە یاخود شکاندنی پەنجەرە دەشێت ببێتە مایەی قەرەبووکردنەوەی لەلایەن بکەرەوە.

لەفینلاندەدا کاری فرەبواری هاوبەشی فەرمانگەکان بەڕێوەدەبرێت و هەروەها پۆلیس لەم کارە هاوبەشەدا بەشدارە. پۆلیس فەرمانگەی منداڵپارێزی ئاگاداردەکاتەوە لەتاوانەکانی کە کەسانی خوار 18 ساڵ ئەنجامیانداون. بەو شێوەیەش بەمەبەستی هەڵسەنگاندن نیگەرانی خۆی سەبارەت خۆشگوزەرانی منداڵ یان لاو دەگەیەنێت بە لایەنانی دیکەی یارمەتیدەر. فەرمانگەی منداڵپارێزی لەڕوانگەی خۆشگوزەرانی منداڵەوە هەڵسەنگاندن دەکات، کەداخۆ منداڵ یان خێزان پێویستی بەپشتگیری تایبەتمەند یاخود پاراستن هەیە لە بارودۆخەکەدا.



# توندوتیژی

توندوتیژی پێدەچێت جەستەیی، دەروونی یان توندوتیژی زاییندەیی بێت یاخود هەڕەشەکردن بێت بەبەکارهێنانی هەروەها مامەڵەی خراپ بێت:



- **توندوتیژی جەستەیی** دەشێت بۆ نموونە لێدان لەکەسێکی دیکە بێت، پاڵپێوەنان، بەقژڕاکێشان، دەستنانەبین، شەق تێهەڵدان و خەتەنەکردن بێت. توندوتیژی جەستەیی هەموو ئەو جۆرە بەرکەوتنانەیە، کە بەهۆیانەوە کەسێکی دیکە ئازاردەدرێت.

- **توندوتیژی دەروونی** دەشێت بۆ نموونە هەڕەشەکردن بێت لەکەسێکی دیکە، ژێردەستەکردن، چاودێریکردن، لێکێشانەوە (بەرکێشکردن)، ناولێنان، پەڕگیرکردنی لەکەسانی دیکە و مامەڵەی خراپ یاخود کۆڵینەوەی تەلەفۆن و ئیمایل. توندوتیژی دەروونی ئاسەواری دەرەکی لێ ناکەوێتەوە و بۆیەش هەندێکجار ئەستەمە بناسرێتەوە.

- **توندوتیژی زاییندەیی** دەشێت بۆ نموونە بێزارکردن، دەست بۆبردن، بەرپێگرتن، دەستدرێژیکردن، ناچارکردن بە کرداری سێکس یاخود نابەجێ بەکارهێنانی زاییندەییانە بێت. توندوتیژی زاییندەیی تێکڕای ئەو کردە زاییندەییانە دەگرێتەوە، کە دژ بەخواستی خوودی کەسەکە ئەنجام دەدرێت. توندویژی زاییندەیی دەشێت لەسروشتیدا جەستەیی یان دەروونی بێت.

- **مامەڵەی خراپ** دەشێت بۆ نموونە سەپێچیکردن بێت لەدابینکردنی پێویستییە سەرەتاییەکانی منداڵ ( کەموکووڕی لەسەرپەرشتیکردندا). مامەڵەی خراپ توندوتیژییە، کە لەپەیوەندی بەرپرسیارێتی- یاخود دەستەڵاتدارێتیدا ڕووبەڕووی کەسێک دەکرێتەوە کە لەپێگەیەکی لاوازتردایە بۆ نموونە لەبەرامبەر منداڵ یاخود پیردا.

## توندوتیژی نێو پەیوەندی نزیک- و خێزانی

مەبەست لەتوندوتیژی نێو پەیوەندی نزیک- و خێزانی ئەو کردانەن، کە ئەندامێکی خێزان یان کەسێکی دیکەی نزیک ئازاری ئەندامێکی دیکەی خێزان دەدات (دەروونی، جەستەیی، زاییندەیی، دارایی یاخود بەهەڕەشەکردن لەوڕێگایانەوە). هەروەها توندوتیژی لەهاوسەرداریدا بۆ نموونە دەستدرێژی زاییندەییانە کردەیەکە کە مایەی سزادانە. لەبەرامبەر توندوتیژی نێوخۆی خێزاندا دەتواندرێت کە سکاڵا دژ بەبکەری توندوتیژی بەرزبکرێتەوە، هەرچەندە کە توندوتیژییەکە لەشوێنێکی تایبەتیشدا ڕوویدابێت یاخود قوربانیی واتە کەسێک کە توندوتیژی ئاراستەکراوە ئەوە نەخوازێت.

## تەمبێکردنی توندوتیژانە

منداڵ پێویستی بەپاراستی تایبەت هەیە و هەموو جۆرە توندوتیژییەک بەرامبەر بەمنداڵ قەدەغەیە. بەپێی یاسا منداڵ دەبێت لەهەرجۆرە توندوتیژییەکی جەستەیی یان دەروونی، مامەڵەی خراپ و نابەجێ بەکارهێنان بپارێزدرێت. بۆ نموونە سزادانی منداڵ لەڕێگەی قژڕاکێشانەوە یان لێدانەوە یاخود ڕاوەشاندنی کۆرپەلە کردەیەکن کە مایەی سزادانن. بەپێی یاسا نابێت منداڵ ژێردەستە بکرێت، تەمبێی جەستەیی بکرێت وە ناشبێت بەهیچ شێوازێکی دیکەی شکۆشکاندن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

## توندوتیژیی پەیوەست بەناموس

مەبەست لەتوندوتیژیی پەیوەست بەناموس بریتییە لە توندوتیژییەک یان سنووردارکردنەوەیەک کە لەنێو خێزاندا یان بنەماڵەدا بەمەبەستی پاراستنی ناموس ئەنجام دەدرێت.  توندوتیژیی پەیوەست بەناموس دەشێت لەسروشتی خۆیدا چ جەستەیی یان دەروونی بێت وە دەشێت نیشانەکانی ناسینەوەی توندوتیژی خێزانی و پەیوەندی نزیکی پێوەدیار بێت.

ئەگەر گومان بکرێت لەوەی ئەندامێک چەمکی بێگەردی کۆمەڵەکەیی شکاندوە دەشێت فشارلێکردن، سنووردارکردنەوەی هاتووچۆ و چاودێریکردن، دەستبەسەرکردن لەماڵەوە، ناچارکردن بەهاوسەرگیریکردن، هەڕەشەکردن بەتوندوتیژی یاخود ئەنجامدانی توندوتیژی بەدوادابێت. لەڕێگەی توندوتیژیی پەیوەست بەناموسەوە هەوڵدەدرێت ناموس و ئابڕووی خێزان، بنەماڵە و کۆمەڵ بپارێزرێت یان بگەڕێندرێتەوە بەسزادانی شکێنەری ڕێسای بێگەردیی. هۆکاری توندوتیژیی ناموس دەشێت بۆ نموونە ڕەتکردنەوەی هاوسەرگیریکردن بێت، جیابوونەوەی هاوسەر بێت، پۆشینێک بێت کە بەبەدڕەوشتی لێکدرابێتەوە یاخود پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێکدا، کە خێزانی پێی پەسەند نییە. هۆکاری توندوتیژیی پێدەچێت تەنها لەسەر بنەمای گومانلێکردن بێت لەهەڵسوکەوتی بەدناموسی. بێجگەلە بکەری توندوتیژیی پێدەچێت کە هاندەری تاوانەکەش ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی یاسایی تاوانەکە ببێتەوە لەبەرامبەر کردەکەدا.



# تاوانە زاییندەییەکان

لەفینلاندەدا هەموو مرۆڤەکان مافی خۆبڕیاردانی زاییندەییان هەیە. مەبەست لەوەش مافی هەرکەسێکە بەسەر لەشی خوودی خۆیەوە و پارێزبەندییەتی. توندوتیژیی زاییندەیی دەشێت هەرجۆرە کردەیەکی زاییندەیی بێت، کە دژ بەخواستی کەسەکە ئەنجام دەدرێت. لەفینلاندەدا هەرکەسێک مافی بڕیاردانی لەبارەی زاییندەیی و لەشی خۆی هەیە هەروەها لە هاوسەرداریێتی و پەیوەندی خۆشەویستیشدا.

یاسادارێژراوەکانی فینلاند دیاری دەکەن، کامانەن ئەوکردانەی لەپێشێلکردنی مافی خۆبڕیاردانی زاییندەییدا تاوانن و بەپێی یاسادارێژراوەکانی فینلاند مایەی سزادانن. ئەو کردانە بریتین لە:

- لاقەکردن
- لاقەکردن قێزەون
- ناچارکردن بە کرداری زاییندەیی
- نابەجێ بەکارهێنانی زاییندەییانە
- نابەجێ بەکارهێنانی کەسێک کە ڕووبەڕی بازرگانیپێکردنی سێکس بوەتەوە
- هەراسانکردنی زاییندەییانە
- کڕینی کاری سێکس لەکەسێکی خوار تەمەنی 18 ساڵی
- نابەجێ بەکارهێنانی زاییندەییانەی منداڵ
- هەڵخەڵەفاندنی منداڵ بەمەبەستی زاییندەییانە
- تەماشاکردنی نمایشێک کە پەیوەستە بەپێشێلکردنی بێگەردی زاییندەیی منداڵەوە
- بەجووتدان

لاقەکردن یاخود ناچارکردن بەکردەی زاییندەیی تاوانە تەنانەت ئەگەر لەنێو هاوسەرێتی یان پەیوەندی خۆشەویستیشدا ڕوودات.

## تاوانە زایندەییەکان کە ڕووبەڕووی منداڵ دەکرێنەوە

سنووری پارێزراوی پەیوەندیی زایندەیی لەفینلاندەدا 16 ساڵیە. گەورە ساڵ یاخود لاوی دووهەم کە بەڕوونی دیارە بەتەمەنترە لەلاوی خوار تەمەنی 16ساڵ نابێت لەپەیوەندی زایندەییدا بێت لەگەڵ لاوی خوار تەمەنی 16 ساڵدا. کردەکە مایەی سزادانە، هەرچەندە کە منداڵ کاریگەریشی نواندبێت لەسەر ئەنجامدانی کردەکە. بەرپرسیارێتی هەمیشە لەئەستۆی گەورە ساڵدایە.

مەبەست لەنابەجێ بەکارهێنان زایندەیی بریتیە، لە ڕاکێشانی منداڵە\لاوە یاخود فشارلێکردنە بۆ ئەنجامدانی کرداری زایندەییانە لەڕێگەی سوود بینین لەپێگەی خۆی و پێگەی وابەستەیی ئەویدیکەوە یاخود بێتوانایی ئەویدیکە لە بەرگریکردندا. کردەکە دەشێت لەناوەڕۆکدا کرداری دیکەی زایندەیانەی وەک لەجووتبوون لەخۆبگرێت. هەروەها بۆ نموونە کردەکانی نابەجێ بەکارهێنانی زایندەییانە، هەراسانکردن، فریودان، داواکردنی وێنەی زاییندەیی هەروەها تەنانەت لە ئینتەرنێت و سۆشیال مێدیاشدا کردەیەکن کە مایەی سەرزەنشت کردنن.



## خەتەنەکردن (FGM، شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە)

خەتەنەکردنی کچان شێوازێکی توندوتیژییە، کە ڕووبەڕووی کچان و ئافرەتان دەکرێتەوە. لەبەرامبەر ئەوادا بەشێوەیەکی گشتی تێرمی FGM (شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە female genital mutilation) بەکاردەهێندرێت.

مەبەست لەخەتەنەکردنی کچان برتییە لەتێکڕای ئەوکردارانەی کە بەهۆی هۆکارە کولتوورییەکان یاخود هەرهۆکارێکی دیکەی ناتەندروستییەوە ئەنجام دەدرێن، کە پەیوەستن بەلابردنی بەشێکی ڕووکاری دەرەکی ئەندامی مێیینە یان بەتەواوەتی لابردنیەوە یاخود بەشێوازێکی دیکە زیان پێگەیاندنیەوە.

لەفینلاندەدا خەتەنەکردنی کچان لەتێکڕای چەشنەکانیدا تاوانە و لەبەرامبەردا پێدەچێت تەنانەت 10ساڵ دادگایی بدرێت. هەروەها هاندان بۆ خەتەنەکردن و پلان دانانیشی تاوانە. لەپلان دارشتنی خەتەنەکردنی کچ دا باس لەسەر توندوتیژیی قێزەونی پلان بۆدارێژراوە لەبەرامبەر منداڵ دا، کە لەبارەیەوە فەرمانگەکان ئەرکی ئاگادارکردنەوەی پۆلیس و فەرمانگەی منداڵپارێزیان لەئەستۆیە.



## بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە

لەبازرگانیکردن بەمرۆڤەوە باس لەسەر ژێردەستەکردن و نابەجێ بەکارهێنانی کەسێکی دیکەیە. ئەوەش دەشێت لەڕێگەی بەهەڵەدابردنەوە، ناچارکردنەوە یاخود نابەجێ بەکارهێنانی پێگەی وابەستەیی یاخود باری نەپارێزراوی کەسێکی دیکەوە ڕوو‌بدات. بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە تاوانە، کە بەهای مرۆیی و پارێزبەندیی تاک پێشێل دەکات. لەفینلاندەدا بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە لەیاسای تاواندا بەتاوان ناسێندراوە.

بازرگانیکردن بەمرۆڤ یاخود نابەجێ بەکارهێنانی بەراوردکراو بەوە دەکرێت بریتی بێت لە:

- نابەجێ بەکارهێنان بەهۆی کارەوە
- فشارلێکردن بۆ کاری لەشفرۆشی
- ناچارکردن بەئەنجامدانی کرداری تاوانکارانە یاخود سواڵکردن
- فشارلێکردن یان ناچارکردن بەهاوسەرگیریکردن
- ئاڵووێرکردن بەئەندامی لەشی یان بەڕیشاڵکی لەشی مرۆڤەوە

شێوازەکانی ژێردەستەکردنی قوربانیی بازرگانی بەمرۆڤەوە دەشێت بریتی بن لە:

- توندوتیژیی جەستەیی، دەروونی و زاییندەیی
- دابڕینی کۆمەڵایەتی
- هەڕەشەکردن لەکەسوکار و لەخشتەبردنیان
- قەرزداربارکردن
- هەڕەشەکردن لەپەیوەند بەڕەوشی مۆڵەتەوە

## لەکوێوە یارمەتی بەدەست دەهێنیت لەبارودۆخی مەترسیداردا

لەدۆخی بەپەلەی مەترسیداردا دەبێت بەخێرایی مامەڵە بکرێت. دۆخی مەترسیدار دۆخێکە پەلەکردن دەخوازێت کاتێک، کە گیانی کەسێک، تەندروستی، سامانی یاخود ژینگە دەکەونە بەرمەترسییەوە.

**لەوکاتەدا پەیوەندی بکە بەژمارەی فریاگوزارییەوە 112**

- **لەژمارەی فریاگوزارییەوە رێنوێنی دەدرێت، کەچۆن بەشێوەیەکی دروست لەدۆخەکەدا هەڵسووڕێیت.**
- **ئەگەر پێویستیت بە وەرگێر دەبێت، پێدەچێت ناچاربیت بۆ ساتێک چاوەڕوان بمێنیتەوە.**
- **تەلەفۆنەکە دامەخەرەوە بەرلەوە ئیزنت پێدەدرێت.**
- **تەلەفۆنکردن بێ بەرابەرە.**

## سکاڵا لەبارەی تاوانەوە

ئەگەر بویت بەقوربانی تاوانێک، دەتوانیت سکاڵای تاوان لای پۆلیس تۆماربکەیت. پۆلیس ئەرکیەتی سکاڵای تاوانەکە وەربگرێت. کارمەندانی ناوەندی پێشوازی بەپێی پێویست یارمەتیت دەدەن پەیوەندی بکەیت بە پۆلیسەوە.

گرنگترین ڕێنوێنییەکات بۆ ئەنجامدانی سکاڵا لەبارەی تاوانەوە:

- لەپاش ڕووداوەکەوە بەپێی توانا لەکورتترین ماوەدا سکاڵای تاوان لای پۆلیس ئەنجام بدە. ئەوکات بۆ پۆلیس ئاسانترە تاوانەکە تاووتوێ بکات.
- ئەگەر برینت لەسەر دروست بووە یاخود توندوتیژی زاییندەیت بەرامبەر ئەنجامدراوە، گرنگە، کە لەپاش ڕووداوەکەوە بەپێی توانا لەکورتترین ماوەدا بڕۆیت بۆلای پزیشک.
- تۆ مافی بەدەست هێنانی وەرگێڕت بۆ ئەنجامدانی سکاڵای تاوانت هەیە

# بەتەنیا مەمێنەرەوە، داوای یارمەتی بکە!

بەهۆی بوونە قوربانی لەتاوان، ڕەنگە دژواربێت بەتەنیا بتوانیت هەڵبسووڕێیت. ئەگەر ڕووبەڕووی گۆشەگیرکردن، هەراسانکردن دەبیتەوە یاخود بوویت بە قەربانی تاوان، وەرە ئاخاوتن لەگەڵ کارمەندی ناوەندی پێشوازیدا بکە. لەناوەندی پێشوازییەوە یارمەتی گفتووگۆکردن بەدەست دەهێندرێت و بەپێی پێویست ڕێنوێنی دەکرێیت بۆ بازنەی یارمەتی زیاتر.

توندوتیژی بۆ هەمووولایەنێک زیاندارە و هەروەها ئەنجامدەری توندوتیژیش پێویستی بەیارمەتی دەبێت! کۆتایی هێنان بەبەکارهێنانی توندوتیژی لەتواناڈا هەیە. بکەر دەبێت بەرپرسیارێتی لەبەرامبەر کردەوەکانی و هەڵسوکەوتی خۆیدا لەئەستۆ بگرێت، گۆڕانکاری هیچ کاتێک لەئەوستۆی ئەوکەسە نییە کە توندوتیژییەکەی ڕووبەڕووکراوەتەوە. لەناوەندی پێشوازییەوە یارمەتی گفتووگۆکردن، پشتگیری و ڕێنوێنیکردن بەدەست دەهێندرێت.

لەبیرتبێت، کە کارمەندی ناوەندی پێشوازی

- ئەرکی نەدرکاندنی لەئەستۆیە: کارمەندان نابێت باسی ئەو بابەتانە بۆ کەسانی دیکە یان فەرمانگەکانی دیکە بکەن، کە پێیان دەوترێت
- ئەرکی ئاگادارکردنەوەی لەئەستۆیە: کارمەندان دەبێت فەرمانگەکان ئاگادار بکەنەوە سەبارەت بەبابەتی پەیوەست بەڕەوشەکانی منداڵپارێزی، تاوان و توندوتیژی خێزانییەوە.

# ئێمە یارمەتی دەدەین!

لەفینلاندەدا زۆر فەرمانگە و ڕێکخراوەی جۆراوجۆر هەن، کە یارمەتی و پشتگیری پێشکەش دەکەن.
لەلای کارمەندی ناوەندی پێشوازییەوە زانیاری زیاتر بەدەست دەهێنیت:

- یارمەتی بۆ قوربانیی تاوان: بەبێ بەرابەر تەلەفۆن بکە بۆ ژمارەی 116006 یاخود ئاشنایەتی لەگەڵ ماڵپەڕی www.riku.fi دا پەیدا بکە
- یارمەتی بۆ ئافرەتانی کۆچبەر کەڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە: بەبێ بەرابەر تەلەفۆن بکە بۆ ژمارەی 080005058 یاخود ئاشنایەتی لەگەڵ ماڵپەڕی www.monikanaiset.fi دا پەیدا بکە
- یارمەتی سەبارەت بە توندوتیژی کە ڕووبەڕووی ئافرەتان کراوەتەوە نۆلالینیا: بەبێ بەرابەر تەلەفۆن بکە بۆ ژمارەی 080005005 یاخود ئاشنایەتی لەگەڵ ماڵپەڕی www.nollalinja.fi دا پەیدا بکە
- ڕێکخراوەکانی پشتگیری لە کەمایەتی زایندیی- و سێکشوالی:www.seta.fi
- ناوەندی پشتگیری لەکەسانی کۆچبەری ئیفلیج:www.tukikeskushilma.fi
- تەلەفۆن- نێتی گەنجان بۆ لاوان و منداڵان: بەبێ بەرابەر تەلەفۆن بکە بۆ ژمارەی 116111 یاخود ئاشنایەتی لەگەڵ ماڵپەڕی www.nuortennetti.fi دا پەیدا بکە
- زانیاری سەبارەت بە منداڵپارێزی بەچەندین زمان www.lastensuojelu.info:
- خانەی پاراستن: لەچەندین شوێنی نیشتەجێ بووندا خانەی پاراستن هەیە، ئەگەر لەماڵەوە توندوتیژی یان هەڕەشەی توندوتیژی هەیە، دەتواندرێت بەتەنیا یان لەگەڵ منداڵەکاندا پەنابرێتە بەر خانەی پاراست.
- کۆمەڵەی مێیس سەکیت: لەمپەر نزمیی چالاکی هاوتەبایی فرەچەشن، پشتگیری- و خزمەتگوزاری باری قەیراناوی www.miessakit.fi/toimintamuodot

# بابەتی زیاتر:

پرۆژەی لەفینلاندەدا لەماڵەوە چەند ڤیدیۆیەکی دروستکردوە کە باس لەکۆمەڵگای فینلاندی دەکەن. بابەتی ڤیدیۆیەکیان سەبارەت بەتوندوتیژیی پەیوەست بەناموسەوەیە.

ڤیدۆکان لەسەر یوتیوب لەو ناونیشانەوە

**https://www.youtube.com/c/KotonaSuomessa/playlists**

دەبیندرێنەوە.

ڤیدیۆکان بەزمانەکانی: فینلاندی، سویدی، ئینگلیزی، عەرەبی، داری، کرمانجی، سۆماڵی، سۆرانی، تای، چینی، فەرەنسی، ئیستۆنی، تیگرینیا و ڕووسی دەتوانرێت سەیریان بکرێت.

لەپرۆژەی تورڤادا ڤیدیۆ دروست کراون، کە بابەتەکانیان بریتین لەمافەبنچینەییەکانی مرۆڤ لەفینلاندەدا هەروەها لەتاوانی جۆراوجۆر.

دەتوانیت لەسەر کەناڵی فەرمانگەی کۆچ لەڕێگەی یوتیوبەوە تەماشای ڤیدیۆکان بکەیت.

**https://www.youtube.com/user/Maahanmuuttovirasto/playlists?view=50&sort=dd&shelf_id=6**

ڤیدیۆکان بەزمانەکانی: فینلاندی، عەرەبی، داری، ئینگلیزی، ئێسپانی، کوردی-سۆرانی، فارسی، فەرەنسی، سۆماڵی، تورکی و ڕووسین.

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service